# دەلال زاخۆیی:

# چۆنیەتی بەلای منەوە زۆر گرنگترە لە چەندایەتی

هونەرمەنـد دەلال زاخۆیی جگــە لــەوەی دەنگێکــی خۆشی هەیە لەهەمان کاتدا توانیویەتــی بوونــی خۆی بســەلمێنێت و ببێتە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر لە دهۆك و سەرجەم شارەکانی کوردستان. لەم دیمانەیەدا دەلال زاخۆیی باسی وردەکاری ئەلبومەکەی دەکات و چەند بابەتێکی دیکە بۆ خوێنەران روون دەکاتەوە.



***پێت وایە گۆرانی لە کوردستان کلیپ بکرێت باشترە یان لەدەرەوە؟**

_من بڕوام بەوە نییە بچیتە ئەستەنبوڵ لەسەر دەریا و ناو شــەمەندەفەر و ئەو شوێنانە کلیپ بکرێت، پێم وایە ئەگەر گۆرانیی خۆش بێت و دەنگی گۆرانیبێژەکە خۆش بێت لەهەر شوێنێك کلیپ بکات سەرکەوتوو دەبێت.

***پێت وایە لەستایلی خێرا سەرکەوتووتریت یان ستایلی غەریبی؟**

_من زیاتر خۆم لەســتایلی رۆمانســی و لەسەرخۆ دەبینمەوە، ئەوە قســەی خۆمە و قســەی جەماوەریشە، لەناو سیدیەکەدا سێ گۆرانیی خێرا هەیە.

***ئایا زۆری بەرهەم مەرجە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند و ناسینی زیاتری لەلایەن جەماوەرەوە؟**

_مــن بەرهەمەکانم زۆر کەم بوون بە جۆرێك لەماوەی ١٠ ســاڵ تەنیا چــوار گۆرانیم هەبوو نەك ســیدی، بێگو ما ن ئەوەش زۆر زۆر کەمە بۆ هەر هونەرمەندێك. هۆکارەکانیــش زۆر بوون لەوانە پارەی پێویســتم نەبــوو ئەلبــووم بڵاو بکەمەوە هەتا ئــەو کۆمپانیایانــە پەیوەندییــان پێوە کردم وتیان جەمــاوەرت زۆرە ئامادەیــن ئەلبوومەکــەت بەرهــەم بهێنین.مــن زیاتر ســەرنجی چۆنیەتی دەدەم نەك چەندێتی پێم باشــە گۆرانییەکی بــاش بڵاوبکەمەوە نەك ســیدیەکی خراپ، بۆیە چۆنیەتی بە لای منەوە زۆر زۆر گرنگترە لە چەندایەتی، با هونەرمەند سیدی و گۆرانی زۆر بێت ئەگەر بە دڵی جەماوەر نەبێت هیچ سوودێکی نابێت.

***ئەو چــوار گۆرانییە بەنــاوی چین و ساڵی چەند بڵاوت کردوونەتەوە؟**

_یەکــەم گۆرانــی بەنــاوی ژوان بوو، لەســاڵی ٢٠٠٠، دووەم گۆرانی ئەڤیندارم لەســاڵی ٢٠٠٢، گۆرانیی سێیەم لەساڵی ٢٠٠٤ بەناوی گرتیــێ چاڤێن تەمە، دوا گۆرانیــش لەگەڵ دڵنیــا قەرەداغی بوو لەســاڵی ٢٠٠٨. واتە لە ١٠ ساڵدا تەنها چوار گۆرانیم هەیە.

***چۆن توانیت بوونی خۆت بسەلمێنیت تەنها بەو چــوار گۆرانییە لەماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا؟**

_ بەڵــێ پێــم وایە کــەس ناتوانێت

# ئاڤان بە چەند گۆرانییەک دەگەڕێتەوە

دوای ئەوەی خانمە هونەرمەندە ئاڤان جەمال بۆ ماوەیەك لە گۆرانی وتن و کاری هونەری دوورکەوتەوە، ئێستا لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ تۆمار کردنی چەند گۆرانییەك. لەم بارەیەوە ئاڤان جەمال ڕایگەیاند کەوا ئەم جارە بە سێ گۆرانی نوێ دەگەڕێتەوە و بە سینگڵ بڵاویان دەکاتەوە و ئێستا لە قۆناغی تەواوبوونی گۆرانییەکانیدا، سەبارەت بە گۆرانییەکانیش ئەوەی ڕاگەیاند کە هۆنراوەی گۆرانییەك هی خانمە شاعیر سیمین چاپچییە و ئاوازی گۆرانییەکی دیکەشیان هونەرمەند بورهانی موفتی زادە دایناوە. ماوەیەکە خانمە هونەرمەند ئاڤان جەمال بەهۆی منداڵبوونەوە لە هونەر دوورکەوتەوە و زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ دایکایەتی تەرخان کرد، پێشتریش بە هەماهەنگی لەگەڵ هونەرمەند حەمە ڕەئوف کەرکوکی چەندین کۆنسێرتیان لە شارەکانی کوردستان ئەنجامدا و ئێستاش بەم کارە نوێیانە دەگەڕێتەوە نێو گۆڕەپانی هونەر.



بە چوار گۆرانی لەماوەی ١٠ ساڵ بوونی خۆی بسەلمێنێت وەك من، ئەو جەماوەرەشی هەبێت وەك من، ئەمە کارێکی زۆر گران و سەختە.

***گلەییت هەیە لەتیڤیە کوردییەکان سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکانی تۆ؟**

_کەناڵەکانی ڤین تی ڤی و کوڕەك و جەماوەر و ئەلشەرقیە کلیپەکانم زۆر بەباشی بڵاو دەکەنەوە و زۆر لێیان ڕازیم، بەڵام هەندێك کەناڵ لە سەرەتادا وەك پێویست کلیپەکانی منیان بڵاو نەدەکردەوە، هیوادارم کەناڵە کوردییەکان هەموویان بە یەکسانی و بێ جیاوازی هەموو کلیپە کوردییە باشەکان بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی مافی هیچ هونەرمەندێك بخۆن و جیاوازییان لە نێواندا نەکەن ، هەروەها بۆ ئەوەی جەماوەریش لە کلیپ و گۆرانی هونەرمەندان بێبەش نەبێت.

***لە گۆرانییەکانت کامەیان لەهەموویان زیاتر جەماوەر پێشوازی لێکرد و پێیان خۆش بوو؟**

_گرتییێن چاڤێت تەمە و گۆرانیی من و دڵنیا قەرەداغی. پێم وایە زۆر باش جێگای خۆیان لەناو دڵی جەماوەر کردەوە.

***نهێنیی ئەو هاوڕێیەتییە بەهێزە چییە لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان؟ لەژیانی ڕۆژانەت بەو شێوەیەیت؟**

_لەژیانی ئاسایی ڕۆژانەمدا زۆر برادەرم هەیە، لەزۆربەی شارەکانی کوردستان.لەگەڵ هونەرمەندانیش هاوڕێیەتیم زۆر بەهێزە.

**کەس وەردەگری لە هەڵبژاردنی گۆرانییەکانت؟**

_ڕای خۆم، هەروەها ڕای هاوڕێکانم و هونەرمەندان لە زاخۆ و دهۆك و هەولێر و تەنانەت سلێمانیش. لەوانە سەمیر زاخۆیی،عەبدولقەهار زاخۆیی،ئاڤان جەمال، بڵند ئیبراهیم، هەڤاڵ ئیبراهیم و گۆران ساڵح و زۆر هونەرمەندی تر.

***داوات لێنەکراوە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ئایا ئامادەی بەرنامە پێشکەش بکەیت؟**

_داوام لێکراوە لەلایەن تەلەفزیۆنێکی ناوخۆ لەشاری زاخۆ، هەروەها لەلایەن چەند کەناڵێك دیکە، بەڵام ئێستا ئەوە لەبەرنامەم دا نییە.

***خۆت وەك هونەرمەندێکی چۆن دەبینیت؟**

_ئەوە لەسەر جەماوەر دەمێنێتەوە،ئەگەر هونەرمەندێك جەماوەری زۆر بێت بەدڵنیاییەوە هونەرمەندە.ئەگەر جەماوەری نەبێت ئەوا هونەرمەند نییە.من ئێستاش دەڵێم زۆری ماوە ببم بە هونەرمەند.لەبەر ئەوەی جیهانی هونەری دەریایەکی زۆر گەورەیە.من حەزدەکەم ببم بە هونەرمەند. ئەوە وەڵامە بۆ ئەوانەی لە کۆڵان و لە شایی گۆرانی دەڵێن و بەخۆیان دەڵێن هونەرمەند. جەماوەریان نییە و لە موزیك نازانن.هەموو کەس دەتوانێت گۆرانی بڵێت بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانێت داهێنان بکات و جەماوەر پێی خۆش بێت.

## رینگۆ ماڵئاوایی کرد

بە رووداوێکی هاتوچۆ ئەکتەری ئیتاڵی جۆلیانو جیما کە بە کەسایەتیی رینگۆ ناسراوە و بە یەکێك لە رکابەرەکانی ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد کلینت ئیستۆد لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

لەم بارەیەوە ئاژانسی هەواڵی ئیتاڵی (ئەنسا) رایگەیاند جۆلیانو پاڵەوانی سپاگیتی و سترن لە رووداوێکی هاتوچۆ لە رۆما کۆچی دوایی کرد، جۆلیانۆ سەرەتا بە رۆڵێکی لاوەکی لە فیلمی (زە لیۆبارد) دەستی بە کاری نواندن کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ ناوبانگی دەرکرد دوای بەشداری کردنی لە فیلمی (دەمانچەیەکی رینگۆ) و لەو کاتەوە بووە یەکێك لە ئەستێرەکانی سینەما لە ئیتاڵیا و جیهان.

لە ساڵی ١٩٧٦ خەڵاتێکی سینەمایی ئیتاڵی بەدەستهێنا کە هاوشێوەی ئۆسکاری ئەمریکییە بە رۆڵی لە فیلمی (بیابانی تەتار) کە لە رۆمانێکی دینۆ بۆتزانی وەرگیراوە، جۆلیانۆ لە کاروانی هونەری خۆیدا بەشداری لە ١١٧ فیلمدا کردووە بەناوبانگترین فیلمی (رۆژی تورەیی) یە لە ساڵی ١٩٦٧، هەروەها لە پاڵ چەندین ئەستێرەی سینەمایی کاری کردووە وەك : چارلتۆن هیستۆن، ئالان دیلۆن، کێرك دۆگلاس، ریتا هایۆرس، هێنری فۆندا، فلۆریندا بۆلکان، لیف ئۆلمان و کاترین دینۆڤ.



## مەرجەکانی لامیتـــــا چین ؟



کچە ئەکتەری لوبنانی لامیتا فەرنجیە تایبەتمەندی و مواسەفاتی ئەو کەسەی ئاشکرا کرد کە بە نیازە لە داوارۆژدا ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنێت و رایگەیاند کە جوانیی زۆر بە لاوە گرنگ نییە، بەڵکو هەندێك مواسەفاتی دیکە هەیە پێویستە بەر لە جوانی لە هاوسەرەکەیدا هەبن. لامیتا کە بە یەکێك لە سەنجراکێشتر و ورووژێنەرترین ئافرەتانی لوبنان دادەنرێت و بە تۆمەتی خۆ رووت کردنەوە زۆر جار دووچاری رەخنە گرتن بووەتەوە، دەربارەی هاوسەری داوارۆژی دەڵێ: بە رای من پێویستە مرۆڤ سەرنجراکێش بێت جا پیاو بێت یان ئافرەت، بۆیە من کەسێکم دەوێ کە سەرنجراکێش بێت، هەروەها پیاوێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بێت و لەلای من جوانی لە دوای ئەم دوو سیفەتەوە دێت. دەربارەی وردەکارییەکانی جوانیش لامیتا دەڵێ: چاو و جوانی چاوەکان بە لای منەوە زۆر گرنگە، چونکە چاوەکان ئاوێنەی هەموو کەسێکن و کەسایەتیی مرۆڤ دیاری دەکەن، زۆر جار کەسانێك دەبینین زۆر لەو سیفاتانەیان تێدا نییە کە ئێمە دەمانەوێ، بەڵام لەناکاو سەرنجمان رادەکێشن و خۆشمان دەوێن، لەمانەش گرنگتر ئەوەیە رێزگرتنی هەبێت لەنێوان ئافرەت و پیاو، من پێموایە هەموو ئافرەتێك پیاوێکی خۆش دەوێت کە لەبەر کەسایەتییەکەی خۆشی بوێت نەك لەبەر ئەوەی خەڵك باس لە سیفات و مواسەفاتی هاوسەرەکەی بکەن.

لە کۆتاییدا لامیتا دەڵێ: من حەز ناکەم کچان زوو شوو بکەن و پێویستە شوو بەو کەسە بکەن کە خۆشیان دەوێ، من خۆم حەز دەکەم کەسێکی سەرکەوتووم خۆش بوێت نەك کەسێکی سەرنەکەوتوو کە رێز لە من و کەسایەتی و کارەکەم نەگرێت.



## نهێنییە تەندروستییەکانی مارلین مۆنرۆ بە نرخێکی خەیاڵی فرۆشران

لە مەزادێکی ئاشکرادا لە کالیفۆرنیا چەند فایلێکی تایبەت بە نهێنییە تەندروستییەکانی خانمە ئەکتەری کۆچکردووی ئەمریکی مارلین مۆنرۆ کە تایبەتن بە لایەنی جوانکاری بە بڕی ٢٥٦٠٠ دۆلاری ئەمریکی فرۆشران.

لەو مەزادەدا کە خانەی (گۆلیینز) لە بیفرلی هێلز ئەنجامیدا چەند کەرەستەیەکی تایبەتی ژمارەیەك ئەستێرەی سینەمایی و کەسایەتی دیکە خرانە روو لەوانە ئەلیزابێس تایلۆر، جۆلی ئەندرۆز، گریتا گاربۆ و شازادە دایانا. بەپێی ئەم فایلانە لە هەرەتی تەمەنی لاوێتیدا مارلین مۆنرۆ نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجامداوە، چونکە چەند وێنەیەك تیشکی تێدا بوو تایبەت بە دەموچاوی مارلین و ژمارەیەك وانەی پزیشکی دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری کە ئەنجامیداوە، هەروەها چەند وێنەیەك کە دەری دەخەن نەشتەرگەری ئەنجامداوە بۆ لایەکی لوتی لە ساڵی ١٩٥٠ کە ئەو کات تەمەنی ٢٤ ساڵ بووە، هەر بە بەڵگەکانەوە دەردەکەوێت کە مارلین لە ساڵی ١٩٥٧ سکی هەبووە لە دەرەوەی منداڵدان. پێشتریش چەند کەلوپەلێکی مارلین و ژمارەیەك وێنەی کە لە سەردەمی جەنگی کۆریا گیراون فرۆشراون بە بڕی پەنجا هەزار دۆلار.

# بریتنی رەخنە لە سایرۆس دەگرێت

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری «Vegas Player» ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی بریتنی سپێرز دووپاتی کردەوە کە بوونی هاوڕێی دڵسۆز لەگەڵ هەر ئەستێرەیەکی گەنج باشترین چارەسەرە بۆ دوورکەوتنەوەی لەو گرفتانەی لە ئەنجامی ناوبانگ دەرکردن تووشی دەبن بەتایبەتی ئەوانەی لە تەمەنێکی زوودان.

سپێرز زیاتر وتی: بوونی هاوڕێی دڵسۆز زۆر پێویستە بۆ هونەرمەندان تاکو دوورکەونەوە لە لەخۆبایی بوون و روونیشی کردەوە کە کاریگەرییەکانی ناوبانگی لەسەر هونەرمەندە لاوەکان جیاواز و لە یەکێك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و زیاتر وتی: دەکرێ ژیانی ئێستای مایلی سایرۆس وەك نموونە بهێنینەوە بۆ زانینی رادەی ئەم کاریگەرییە، چونکە دەبینین ناوبانگ وای لێکردوون کە هاوسەنگیی خۆیان لە دەست بدەن ئەمەش لە ئەنجامی کارتێکردنی سلبیی ناوبانگ و بە ئەستێرە بوون لەسەر ژیانی تایبەتییان.

بریتنی یەکێکە لەو ئەستێرانە کە لە تەمەنێکی زوودا ناوبانگی دەرکرد، بەڵام لەم بارەیەوە دەڵێ: من هێشتا کچە شەرمنەکەی جارانم و حەز ناکەم وێنەم بگیرێ بەشێوەیەکی جیاواز، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانیم خۆم لەگەڵ بارودۆخی نوێی ژیان و راوەدوونانی وێنەگرانی پاپارتزی خۆم بگونجێنم، ئەگەرچی هەمان ئەو وێنانەش دەپۆشم بۆ ئەوەی وێنەگران و رۆژنامەنووسان گرنگیی زیاد لە پێویستم پێ نەدەن.



# کارلا: لە ترسی ڕۆژنامەنووسان ون بووم

لەکاتی بوونی به سـەرۆکی فەرەنسـی و لەو سەردەمیش تا بە ئێستا نیکۆلا سارکۆزیی سەرۆك فەرەنسـا و کارلا برۆنی هاوسەری هەمیشە بە دوانەیەکی جوان و خۆشەویست بوون لای فەرەنسییەکان.

ئەم خۆشەویستییەی خەڵك وایکرد کە فەریدە خەلیفەی هاوڕێی کارلا بیر لە دەرهێنانی فیلمێکی دیکیومێنتی تایبەت بە ژیان ئەم دوو هاوسەرە بکاتەوە بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی فەرەنسـا لە ٢٠١٢ وەك بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا، فیلمەکەش بە ناوی (champagne Intime) بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش سارکۆزی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و کۆشکی ئیلیزێ جێهێشت.

زۆر کەس لەوانەی لە دۆڕانەکەی سـارکۆزییان کۆڵییەوە پێیانوایە کە ئەم فیلمە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی دۆڕاندنی، چونکە فیلمەکە زیاتر گرنگی بە پەیوەندییە تایبەتییەکانی سـارکۆزی و کارلا کردبوو ئەمەش کاریگەرییەکی نیگەتیڤی هەبوو لەسـەر ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکان، دواى کۆتایی هاتنی وادەی سەرۆکایەتی سارکۆزی و دۆڕاندنی سـارکۆزی ماوەیەك کارلا بۆ ماوەی ٤ مانگ لە کاری هونەری دابڕا و لە هیچ شـوێنێك نەدەبینرا کاتێك لە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەیان پرسـی وتی: هۆکاری دوورکەوتنەوەم بۆ ئەوە بوو نەمدەویسـت ڕۆژنامەنووسـان دەربارەی بارودۆخی دەروونی سارکۆزی لێم بپرسن، چونکە زۆر لەوە دەترسام پرسیاری لەو جۆرەم لێ بکەن و هەموو لایەکیش دەزانن کاردانەوەی هەر کەسێك بە دۆڕاندن چۆنە بەتایبەتی کە شایستەی دۆڕاندن نەبوو.

زۆر لە چاودێران بڕیاری ون بوونی کارلایان بەوە لێکدایەوە کە حەز ناکەی وەك پێشـتر کە لە ئیلیزێ بوو و نەیدەتوانی وەك پێویسـت کاری هونەری خۆی بە ئاسـایی بکات، بێتە مانشـێتی ڕۆژنامەکان و ئەم جارە دوورکەوتنەوەی بقۆزنەوە بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان و بە بڕیارێکی درووسـتیان لە قەڵەمدا، لە بەرامبەردا، بەشـێکی دیکەی چاودێر وڕۆژنامەنووسان بڕیارەکەیان بە هەڵە زانی، چونکە کارلا بەشـدارییەکی کارای هەبوو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی فەرەنسـا و دوای دۆڕاندنی هاوسـەرەکەی ڕۆژنامەنووسـان مافی خۆیان هەرچۆنێکیان بوێ باسـی بکەن، چونکە جگە لەوەی هاوسەری سەرۆك بووە لە هەمان کات وەك گۆڕانبێژیش خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەسەر ئاستی فەرەنسا و ئەم خۆشەویستییەی جەماوەریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی بەر لە هاتنی بۆ کۆشکی ئیلزێە، بەڵام سیاسەتە چەوتەکانی سارکۆزێی هاوسەری زۆر لەوە کاریگەرتر بوون کە بتوانێت فریای بکەوێت.

# شاخەوان ئیدریس بە کۆمیدیا تیشک دەخـ



**دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی نووسینەوەی سیناریۆی فیلمێکی نوێ بوو، ئێستا هونەرمەندی سینەماکار شاخەوان ئیدریس سەرقاڵی دەرهێنانی فیلمێکە بە ناوی (سەمای خۆڵەمێش) بە بەشداریی چەندین هونەرمەندی سینەماکار لەوانە هونەرمەندی بە توانا و خاوەن ئەزموون ناسر حەسەن، سەبارەت بەم فیلمە، سینەماکار شاخەوان ئیدریس بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن.**

**● شاخەوان ئیدریس ناسراوە وەك سینەماکارێك و سەردەمێك بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر، ئەم جارەیان بە فیلمێکی نوێ دەردەکەوێ، ئەم فیلمە چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟**

- ئەوە نزیکی سێ ساڵ دەبێت من خەریکی نووسینەوەی سـیناریۆی ئەم فیلمەبـووم، وەك هەموو سـینەماکارێك خەونم بەوە دەدیت کەفیلمێکی درێژ دروسـت بکەم، دوای هەوڵێکی زۆر خۆشـبەختانە ڕەزامەندی لەسەردرا لەلایەن لیژنەی خوێندنەوەی سیناریۆ لەبەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر، وسەرجەم کارەکانی بۆ ئەنجامدرا، منیش هەر لێرەوە سوپاسـی هەموو ئەوهونەرمەند و برایانە دەکەم کەبەراستی زۆر ماندووبوون لەگەڵم بۆ ئەوەی کارەکەم ئەنجام بدرێت.

**● ناوەڕۆکی سیناریۆکە باس لە چی دەکات؟**

- ناوەڕۆکی سـیناریۆکە بەگشـتی باس لە نەهامەتی وئاسەوارەکانی جەنگ دەکات لەسەر مرۆڤ، تیشك دەخاتە سـەر لاسـەنگ بوونی هاوکێشـەکان بەهۆی جەنگ... فیلمەکەم باس لە جەنگ دەکات، بەڵام جەنگ نییە، جەنگ باکگراوەندو لاوەکییە، بەڵام هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکانە.

**● ناسر حەسەن زیاتر وەك دەرهێنەر ناسراوە، چۆن بوو لەو تەمەنەی وەك ئەکتەر بەشـداری کرد و چۆن بە ڕۆڵەکەی ڕازی بوو ؟**

- دوای ئەوەی ڕەشنووسـە سـەرەتاییەکانی سیناریۆکەم تەواوکرد پیشانی چەندین هاوڕێ وفیلمسازم دا بۆ ڕاوێژکردن وزانینی بۆچوونیان،مامۆسـتا ناسر حەسەن یەکێك بوو لەو



# ـــاتە سەرلاسەنگ بوونی هاوکێشەکانی جەنگ

بەڕێزانە، دوای ئەوەی خوێندیەوە خۆشبەختانە زۆری بەدڵ بوو، بــەڵام نەئەو و نەمن لەهزرمــان نەبوو کە ئەو ڕۆڵ بگێڕێت لە فیلمەکــە، جارێکیان بەڕێکەوت بینیم لەگەڵ مامۆســتا ئەنوەر شێخانی وەستا بوو و قسەیان دەکرد، من مامۆســتا ئەنوەر شێخانیم لەهزری خۆم دانابوو بۆ ئەوەی ڕۆڵ بگێڕێ، بەڵام بەئەویشم نەگوتبوو، هەر یەکەم سات کە ئەو دوو بەڕێزەم بەیەکەوە بینی قســەدەکەن گەیشــتمە قەناعاتێکی تەواو کە ئەو دوو بەڕێزە زۆر شیاون بۆ ئەوەی بەشداری لەفیلمەکە بکەن، کاتێك بەمامۆستا ناسرم گوت ڕۆڵی مــام عەبدولرەحمانم بۆ ئەو دانــاوە بەخەندەوە وتی دەقەکەم بەدڵە، بەڵام شــاخەوان من دەرهێنەرم نەك ئەکتەر، ئەگەر تۆ تەواو قەناعەتت هەبێ من ئامادەم....

من زۆر خۆشــحاڵ بووم کە مامۆســتا ناســر حەسەن ڕەزامەندی نواند، وبەراســتی لەمیانــی کارکردنیش وەکو برایەکی گەورەبوو بۆ من وبەهیچ شێوەیەك ماندوو نەبوو، هەمووکاتێــك دەیگوت شــاخەوان ئەگــەر بەدڵت نییە با دووبارەی بکەینەوە، نەك بەتەنیا بەڵکو مامۆســتا ئەنوەر شــێخانیش بەهەمان شــێوە خاوەن ئینیرجیەکی زۆر باش بوون...

**● زۆر لــە فیلمە کوردییەکان پشــت بــە تراژیدیایەك دەبەســتن، ئــەم فیلمەش بــە هەمان ڕێچکەیــە یاخود کێشەیەکی دیاریکراوی وەرگرتووە؟**

- فیلمەکــەم زیاتر بەلای کۆمیدیای ڕەشــەوە دەڕوات، ڕووداوەکان تەنهــا لەماوەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن، وەك تراژیدیــا نابینــرێ، بەڵام لەوانەیــە دوای بینینی فیلمەکە چەندین پرسیار لەلای بینەر دروست بێت.

**● لە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان پشــتتان بە چی بەست و ئایــا هیچ پێوەرێکــی دیاریکراوتان لــە هەڵبژاردنیان دانابوو؟**

- ســینەما لەکوردســتان تازەیــە، ئەکتەریش کەمن، راســتیەکەی من لەکاتی نووسینی ســیناریۆکە چەندین ئەکتەر لەهــزرم داهەبوون، هەوڵمدا ئەوان بێنم، هەندێکیان بەسوپاســەوە هاتــن، ئەوانی دیکەش بۆیــان نەکرا، من لەو بڕوایەدام کەلێرە توانــای هەڵبژاردنی ئەکتەر کەمە، هیوادارم لــەدوارۆژدا دەرهێنەر دەرفەتــی زیاتر بێت بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵە ئەکتەرێکی باش ئەوانە بۆ فیلمەکەی هەڵبژێرێت.

**● ســتافی کارەکە گشــتیان کوردن یاخود کەســانی بیانیشی تێدایە؟**

- ستافی کارەکە کورد وفارس بوون لەمیانی وێنەگرتن، بڕیاریش وایە کارەکانی مۆنتاژ ودەنگ لەبولگاریا ئەنجام بدرێت، هەروەها لەوانەیە موزیکی فیلمەکە لە تورکیا یان لە ئیران دروست بکرێت.

لەکۆتاییدا دەمەوێ سوپاســی هەموو ئەوکەسانە بکەم کەیارمەتیــان دام، هەروەها ئەوکەســانەی کە نەیانتوانی یارمەتیــم بدەن، لەگەڵ ئەو کەســانەی کە ڕێك نەکەوت بەیەکــەوە کار بکەین، هیــوادارم بتوانم فیلمێکی کوردی بەکوالیتییەکی جوان پیشــانی بینەران بدەم، زۆر سوپاسی بەڕێوەبەرایەتیی سینەماو وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان دەکەم کە بۆ ئەنجامدانی ئەم فیلمە زۆر هاوکارییان کردم.